ڕێگای کوردستان
دووشەممە 15ی نیسان (ئەپریل) ی 2001 ژمارە (498) ساڵی (57)

هەوڵەکانی ئاوەدانکردنەوە لە هەڵەبجەی شەهید

لە ئاستی لانی کەمی ئەو وێرانکاریو برینە قوڵەدانییە کە کراوەتە جەستەی

ئا/ شۆڕش ئەمین

هەڵەبجە ئەو سومبلەیە کە لە یادەوەریەکانی گەلێکدا هەڵکوڵراوە. ڕژێمی جینۆسایدی بەغدا، بە شەهیدکردنی ئەم شارە ترۆپکی دڕندەیی خۆی بۆ هەموو جیهان ناساند، ئەوانەی لەم کارەساتە دڕندەییەدا گیانیان بەخشی، ڕێگای تێکۆشانی گەلێکیان ئاوەڵاکرد، هەڵەبجە بووە هۆی ئەوەی دەرگا لە سەر کێشەی ڕەوای گەلێکی زوڵملێکراو بخاتە سەرپشت.

لە 3/16 هەموو ساڵێ یادی پێنج هەزار شەهید پیرۆز دەکرێو ڕژێمی جینۆسایدی بەغدا ریسوا دەکرێ.

سەرەتا کە گەیشتینە دەروازەی شاری هەڵەبجە باخێکی خنجیلانە کە لە ناوەڕاستیدا کارێکی هونەری تیا نەخشراوە، کە هەر کەسێ سەردانی ئەو شارە بکات دەزانێ ئەم کارە هونەرییە کە لە نێو دوو دەستی پڕ لە گوڵدا کۆمەڵێك موشەکی کیمیایی دەورەی داوە.

ئەوەی جێی سەرنجە ئەم کارە هونەرییە بە پارەو پولی خەڵکی ئەو گەڕەکە دروست کراوە. وەستا جەبار عەلی وەستا قادر، کە فیتەرە وتی: من ساڵانە کاری زۆرم نیشان دەدا بەشێوەیەکی گەڕۆك، لە یادی هەڵەبجەی شەهید ئەو پارچانەمان لە یەك دەدایەوە کە موشەکەکانی تەواو دەکرد، ئەمەش ئەرکێکی قورس بوو. مامۆستا ڕەجا کە مامۆستای هونەرە جوانەکانە، وتی: من یارمەتیت دەدەم بەشێوەیەکی هونەری جوان لە شوێنێك جێگیری دەکەین، بیرۆکەی ئەم کارە کە ناومان ناوە (وەرزی بەهار) بیرۆکەی مامۆستا ڕەجا بوو کلێشەکەی بۆ دروست کرد، منیش کاری ئاسنگەریەکەیم تەواو کرد، وەك دابین کردنی پارەی کارەکە خەڵکی گەڕەکی (پیر محەمەد) دابینیان کرد.

ئەم ڕۆکێتەش کە لەبەر دوکانەکەمدایە یەکێکە لەو ڕۆکێتانەی کە گازی ژەهراوی تێدابووەو لە ڕێی فڕۆکەوە هاوێژراوە. لە ڕۆژی 3/16دا هەندێ کاری تریشم ئامادەکردووە کە پێشانی دەدەم.

کۆمەڵەی بەرگری لە مافەکانی کەسوکاری شەهیدانی هەڵەبجە

- مامۆستا کامل عەبدولقادر وەیسی، مامۆستای ناوەندی دەرسیمی کوران ئەندامی کۆمەڵەی بەرگری لە مافەکانی کەسوکاری شەهیدان:

ئەو کاتەی کە شارەکەم کیمیاباران کرا، تەمەنم 15 ساڵان بوو، ئاگاداری هەموو کارەساتەکەم، ئەو ڕۆژە بە ڕاستی ڕۆژێکی زۆر ناخۆش بوو کە بەسەرمان هات جەریمەیەکی گەورەبوو، مەگەر جەریمەکەی هیرۆشیماو ناکازاکی شان لە شانی دات، ئەگینا لە هیچ پارچەیەکی ئەم گۆی زەوییە کاری وا بەرامبەر کەس نەکراوە. کە لە ئەنجامدا پێنج هەزار کەس شەهید بوون، جگە لەوەی چەندان هەزار برینداروو ئاوارەی لێ کەوتەوە، لە ماڵی ئێمەدا تەنها من بە زیندوویی ماوم پێنج خوشکمو برایەكو دایكو باوکم شەهید بوون، منیش وە نەبێ بە ئاسانی ڕزگارم بووبێ بەڵکو بە سەختی بریندار بووم، گازی سیانیدو خەردەلو هیدرۆجینم بەرکەوت، کە پاشان براومەتە ئێرانو دوو مانگ لە ژێر چاودێریدا بووم. ئەو کات چارەسەرێکی چڕو پڕم بۆ کرا، بەڵام تا ئێستا هەناسەدانم تەواو نییەو چارەسەر بەکار دەهێنم، بەڵام ڕادەی پێشکەوتنی تەندروستی لە کوردستاندا لەو ئاستەدانیە چارەسەرم بکەن، ئەرکەکەش دەکەوێتە سەرشانی بەرپرسان کە ڕێگا چارەیەکم بۆ بدۆزنەوە، تا ئێستا ئەتوانم بڵێم زاتر لە (300) برینداری کیمیاباران هەیەو ئەناڵێنن بە دەست ئازارو برینو جێماوەی کیمیابارانەکەوە. تا ئێستا بەڵێنێکی زۆرمان پێ دراوە، بەڵام هیچمان بۆ نەکراوە، داواکارین کە خەمێکمان لێ بخۆن، هیچ نەبێ ئەو چەند کەسەی ماوین بە تایبەتی ئەوانەی باری تەندروستیان خراپە چارەسەریان بۆ بکرێ ئەگەر لێرە یاخود لە دەرەوەی کوردستان.

- ئایا هیچ چیرۆکێکت لا نییە لەوانەی کە لە پاش ماوەیەکی زۆر بەسەر ئەو کارەساتەدا تێپەڕیوە، کێشەی کۆمەڵایەتیو دەروونی دروست نەکرووە؟

+ ماڵی حاجی حسێن کێشەیەکیان بۆ دروست بووە، چونکە پاش کیمیاباران بووە هۆی پچڕانی شیرازەی خێزانو دەیان کارەساتی کۆمەڵایەتیو دەوونی لێ کەوتۆتەوە، زۆرێك هەن لەو کاتەدا تەمەنیان سێ ساڵ بووە کچ بووە یا کوڕ لە ماڵی خۆیان دابڕاون، یاخود هەموو خێزانەکەیان شەهیدبوون، ئەو کەسەش ئێستا دوای (14) ساڵ ئەدۆزرێتەوە کە دەگەڕێتەوە بۆ ماڵەکەی خۆیان دووچاری نەخۆشی دەروونی دێت، چونکە کە دەگەڕێتەوە دەبێ مامەڵە لەگەڵ خێزانێکدا بکات کە لە بنەڕەتدا خێزانی خۆیەتیو دایكو باوكو خوشكو برای خۆیەتی، بەڵام لە هەمانکاتدا مەگەر ئەو حەقیقەتە بە تەسکەرە بزانێ، چونکە (14) ساڵە لەگەڵ کۆمەڵە خەڵکێکدا ژیاوە کە زۆر نامۆ بوون بەم خاكو ئاوەی ئێرە کچێکی حاجی حوسێن تریفەیی هەیە، دیارە لە کاتی کیمیاباران تەمەنی کەم بووە لە ماڵی خۆیان دابڕاوەو، ون بووە، ئێستا لە ئێران دۆزراوەتەوە، ماوەیەکی زۆرە لەوێ بەخێوکراوە، دواتر لە هەولێر یەکێ گرتویەتییە خۆیو بەخێوی کردووە تا لەم ساڵانەی دواییدا دۆزراوەتەوە، ئێستا لە ماڵی باوکێتی، ئەوەی من بزانم بێزاریو بێتاقەتییەکی زۆری پێوە دیارە لەو بارودۆخە تازەیەی کە تێی کەوتووە، پاش 14 ساڵ دابڕان ناتوانێ پەیوەندییەکی سروشتی سەر لە نوێ لەگەڵ دایكو باوكو خوشكو براکانی دەست پێبکاتەوە. بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە ئەم بارە دەرونییە تا سەر ئاوابێ. حاڵەتی دیکەش هەیە وەکو کچی مەحمود فەتحوڵڵا، ئەویش هەر هەمان حاڵەتی هەیە.

- ئایا هیچ بۆ خێزانو کەسوکاری شەهیدان کراوە؟

+ لەم دواییانەدا سەرۆکایەتی هەرێم دواتریش سەرۆکی حکومەتی هەرێمو ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری ئەوەیدا (200) دینار ببڕێتەوە بۆ وارسی شەهیدانی کیمیاباران بە گشتی هەروەها وارسی ئەنفالکراوەکان. دیارە ئێمە سوپاسو پێزانینمان دەربڕین سەبارەت بەو بڕیارە، هەرچەند لە ئاستی پێویستدا نییە، چونکە پێویستییەکانی ئێمە زۆر لەوە زیاترو گەورەترە، بەڵام خۆشحاڵین بەو بڕیارەو خوازیارین کە بڕیاری گرنگترو گەورەتری بە دوادا بێت، ئەو بڕیارە وەك باسکراوە لە 1/4 تا 1/5 چاوەڕێی جێبەجێ کردنین.

بەختیار حەمە ڕەشید عەبدوڵڵا: ئەندامی کۆمەڵەی بەرگری لە مافەکامی کەسوکاری شەهیدان/

- دەڵێن ئەو موچەیەی دەبڕێتەوە بۆ خێزانو کەسو کاری شەهیدان هەمووی ناگرێتەوە؟

+ تا ئێستا هەموو لایەنەکانی ئەو بڕیارەو زانیاری لە بارەیەوە ئاشکرانییە لە لایەنی یاساییەوە ئەوەی لە سەرو (18) ساڵەوە بێ بڕیارەکە نایگرێتەوە، بەڵام منداڵی واهەیە لە کاتی کیمیابارانەکەدا تەمەنی سێ ساڵ بووە ئەو کاتە دایكو باوکی تیاچووە، تا ئەمڕۆ تەمەنی لە 18 ساڵ زیاترە، کەواتە ئەو موچەیە نایگرێتەوە، بەڵام ئێمە وەکو خۆمان بڕیارمان داوە دوای جێبەجێ کردنی بڕیارەکە، هەوڵ بدەین کە ئەوانەش بگرێتەوەو یاساکە بگۆڕدرێ لە بەرژەوندی سەرجەم کەسوکاری شەهیدان.

- تۆ ڕات چییە بەوەی کۆمەڵێ منداڵی زۆر لە کیمیابارانەکە پەرەوازەی ئێران بونو ئێستا لەوێ ژیان بەسەر دەبەن؟

+ 11 ساڵە کەسوکاری شەهیدان یەکێك لە داواکاریەکانیان ئەوەیە کە ئاسانکاریەکیان بۆ بکرێ تا بە ئاسانی لە نێو ئێراندا بگەڕێن، یا بە ڕێی حکومەتەوە ئەو منداڵانەی کە پەرەوازە بوون بیاندۆزنەوە، چیرۆکی ئەو منداڵانە ئەوەیە کە پەرتەوازەی ئێران بوون، کە زۆرێك منداڵ لە دایك و باوکی جیاکراوەتەوە، لە نەخۆشخانەی ئێران دابەشکراون، ئیدی یەکتریان نەدۆزیوەتەوە، ئەویش منداڵ بووە تەمەنی (2-3) ساڵ بووە، قسەی نەزانیوەو کەسوکاری لە یەکتر جیانەکردۆتەوە، ئەو منداڵانە ماونەتەوە لەناو ئێراندا ئیش دەکەن، یا لە ماڵانن.

- ئەمە چۆن دەگەڕێتەوەو چۆن دەزانرێ ئەمانە منداڵی هەڵەبجەن؟

+ برادەرێك باسی کرد، وتی لە تاران بووم لە نانەواخانەیەك لە کۆڵانێکدا نانم دەکڕی، ئەو منداڵە ئەو کاتە (6-7) ساڵ بووە کە ئەو کارەساتە رووی داوە، سەیرم کرد فارسیەکەی تەواونییە، خۆی وتی پێیان وتووم لە کیمیاییەکدا لە هەڵەبجەوە هاتوونو لێرە جێماون، ئێستا ماڵێ لە تاران بەخێوم دەکەن، بەڵام من نازانم باوکم دایکم هەیە، یا ناوی خۆم چییە، هیچ زانیارییەکم نییە لە سەر ئەو شتانە.

جەلال عەبدولقارد وەیسی محەمەد، دەستەی کارگێڕی کۆمەڵەی بەرگری لە مافەکانی بنەماڵەی شەهیدانی کیمیابارانی هەڵەبجە.

- ئایا تا ئێستا ئێوە چیتان بۆ کراوە وەك بنەماڵەی شەهیدانی کیمیابران؟

+ تا ئێستا کۆمەڵەکەمان هیچی بۆ نەکراوە، تەنها ئەو بڕیارە نەبێ کەوا لەم ماوەیەی پێشوودا دەرچوو بۆ کەس کاری شەهیدان، ئیدی ئێمە وەکو یارمەتی کەس یارمەتی نەداوین، لا لە کەسو کاری شەهیدان نەکراوەتەوە، تەنها کاك محەمەد حاجی محمود دوو هەزارو شەش سەد دیناری دایینێ، بۆ بنکەکەمان کە ئەم کورسیانەمان پێ کڕی، جگە لەوە پێمان وت ئێمە پێویستیمان بەوە هەیە ئەگەر نەخۆشێکمان هەبوو پێویستی بەوە هەبوو بیبەین بۆ ئێران چارەسەر بکرێو دەبێ یارمەتی ئاسانکاریمان بۆ بکەی، بڕیاری ئەوەی داو تا ئێستا وەرەقەی بۆ چەند کەسێك کردووە، کە ئێمە پشتگیرمان کردووەو دوا بە دوای ئەوە هیچ کەسێ یارمەتی نەداوین.

کۆمەڵەی ڕۆژ

مەریوان وەهبی ڕەشید، لێپرسراوی پەیوەندییەکانی کۆمەڵەی ڕۆژ لە هەڵەبجەی شەهید.

- ئایا ئەو کەم ئەندامانەی لای ئێوە ئەندامن، چەندیان کەم ئەندامی کارەساتی کیمیابارانن؟

+ ئێمە 300 کەم ئەندامان لایە کە کەم ئەندامی پاش کیمیابارانن کە بە دەم ئەو کێشەو ئێشو ئازارانەوە دەناڵێنن، وەکو یارمەتی وەکو چارەسەرکردن ئەمانە تا ئێستا هیچیان بۆ نەکراوە، هیچ خزمەتێکیان پێشکەش نەکردوون، بەڵکو لە سەرشانی خۆیانو یارمەتی کەسانی خێرخوازو بەیارمەتی کەسوکاریان توانیویانە کەمێك لە ئازارەکانیان کەم کەنەوە، ئێمە ڕێکخراوەکەمان تایبەتە بە کەم ئەندامی دەستو قاچ ئەوانەش هەندێکیان لە ئەنجامی تەقینی بۆمب دەستو قاچییان لە دەست داوە یا لە کاریگەری کیمیابارانەکە دەستو قاچییان لە کارکەوتووە.

- ئێوە کارەتان چییە لەم ڕێکخراوەو چی بۆ ئەم کەم ئەندامانە دەکەن؟

+ ئێمە کاری سەرەکیمان ئەوەیە کەم ئەندامان تێکەڵ بە کۆمەڵ بکەینەوەو ڕزگاریان بکەین لە پەراوێزبوونو نەخرێنە سووچی ماڵەکان، هەروەها لە ڕێی خۆمانەوە دەیاننێرین بۆ بنکە تەندورستییەکانو لە ڕێی ڕێکخراوە خێرخوازەکانەوە لە ڕێی ڕێکخراوەکانەوە ئەو پێداویستیە ماددیو مەعنەویانەیان بۆ دابین دەکەین.

هەڵەبجە لە بواری ئاوەدانکرنەوە

هەرچەندە پرۆژەی ئاوەدانکردنەوە لەناو هەڵەبجەدا ناو بە ناو جێبەجێ کراوە، بەڵام لە بەر وێرانکردنی شارەکە بەشێوەیەکی یەکجارەکی، تا ئێستا ئاسەوارێکی زۆری وێرانکاری پێوە دیارە جگە لەوەی شەڕی ناوخۆ زەرەرێکی گەورەی بەم ناوچەیە گەیاندووە شەقامەکان زۆربەی وێرانو ئۆتۆمبێل بە ئاسانی ناتوانێ هاتوچۆی تێدا بکات، چاککردنەوەشی زۆر سەرپێیانەیەو بەرگەی ماوەیەکی زۆر ناگرێ.

کتێبخانەیەکی گشتی گەورەکراوەتەوە، کە یەکێك لە دەوڵەمەندەکانی شار دروستی کردووە بە ناوی حاجی محەمەد باموك.

بەڵام تا ئێستا کتێبی تیا نییەو فەرمانبەری بۆ تەرخان نەکراوە کە سەرپەرشتیان بکات.

پرۆژەی ئاوەدانکردنەوی خانووبەرە ڕێکخراوی هابیتات پرۆژەی دروست کردنی (304) خانووی لە جێبەجێ کردندایە کە لە لایەن منداڵ پارێزانی کوردستانو کۆمپانیای داڵدەو کۆمپانیای ڕۆشنەوە جێبەجێ دەکرێن، چاومان بە ئەندازیار عەزیز سەعید ڕەشید بەڕێوەبەری پرۆژەی منداڵ پارێز کەوت:

- ئایا ڕادەی جێبەجێ کردنی ئەم خانووانە گەیشتووە بەچی جگە لەوەش ئایا ئەم خانووانە دەدرێ بە کێ؟

+ ئەم پرۆژەیە 125 خانووی لەلایەن منداڵ پارێزەوە جێبەجێ دەکرێ 54 خانووی لە لایەن کۆمپانیای ڕۆشنەوە لەگەڵ هەندێ چاککاری و تەعمیرات.

بودجەی 125 خانووەکەی من سەرپەرشتی دەکەم کە لە یەن (KSC) جێبەجێ دەکرێ 459و 719 هەزار دۆلارە، ئەوەی لە لایەن کۆمپانیای داڵدەوە جێبەجێ دەکرێو 531و 714 هەزار دۆلارە.

ئەم خانووانە بۆ ئەو خەڵکانەیە کە پێشتر بناغەی هەبووە، خەڵکی ئەم ناوچەیەن، جۆری خانووەکانیش دوو جۆرن:

1- تایپی A کە 85 کم2 دەکرێ بە خانوو
2- تایپی B کە 70 م2 دەکرێ بە خانوو

ئەمانەش کەرەستەیان دەدرێتێ بۆ دروست کردنی خانووەکانیان جگە لەوەی لەلایەن ئەندازیارەکانی خۆمانەوە سەرپەرشتی دەکرێن لەرووی جێبەجێ کردنەوەو پاراستنی جوانیو ڕێكو پێکی.

هەر خاوەن خانووەکیش سلفەی دەدرێتێ بۆ پارەی وەستاو کرێکار جێبەجێ کردنی ئەم خانووانە دوو گرنگی زۆری هەیە بۆ شارەکە:

1- وەستاو کرێکاری شارەکە بۆ ماوەیەکی باش دەکەونە ئیشو بازار دەبوژێتەوە.
2- کێشەی قەیرانی نەبوونی خانوو تا ڕادەیەکی باشی لە شارەکەدا چارەسەر دەکات. جگە لەم پرۆژانە چەندان پرۆژەی کە بەدەستەوە جێبەجێ بکرێ بەڵام تا ئێستا کێشەی نەبوونی هەژاری خەڵکە کە هەر بەردەوامەو بێکاری زۆر یەخەی خەڵکی ئەم شارەی گرتووە، لەبەر ئەوە بیرکردنەوە لە پرۆژەی بەرهەم هێنانو دۆزینەوەی کار بۆ خەڵکەکەی کاری هەنوکەییەو دەبێ بیری لێ بکرێتەوە.

بە سەرکردنەوەی ئۆردوگاو گوندەکانی سنووری ناحیەی خەبات

ئا: ئیبراهیم خەبات

بەشی دووەم

ئۆردوگای خەباتی نوێ

ئۆردوگای خەباتی نوێ یەکێکە لەو ئۆردوگایانەی لە ساڵی 1988 لە ئەنجامی سیاسەتی ڕەگەز پەرستانەی ڕژێمی بەعس دروستکرا، ڕاگوێزکراوانی (دیبەگەو قەڵادزێو سەنگەسەر)ی لێ نیشتەجێ کراوە، لە دوای ڕاپەڕینو ڕزگارکردنی بەشێکی زۆری کوردستان خەڵکی (قەڵادزێو سەنگەسەر) گەڕانەوە شوێنی خۆیان ئەوەی ماوە زیاتر خەڵکی دیبەگەیە لە بەر ئەوەی هەتاکو ئێستا بەداگیرکراوەیی ماوە بۆ ئاشنابوون لەگەڵ دانیشتوانی ئۆردوگا ئەم بەڕێزانەمان دواند:

سەرەتای دروست بوونی ئۆردوگا؟

هاوڕێ ئەحمەد ئاشەوان وتی: سەرەتای دروست بوونی ئۆردوگای خەباتی نوێ کە بە دیبەگە ناسراوە دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆژانی 21-22-8-1988 کاتێك کە خەڵکی دیبەگە لە جێگاو شوێنی خۆیان ڕاگوێزران لە لایەن ڕژێمی بەعس، ڕژێم زۆر دەمێك نیازی ئەم مەرامە گڵاوەی هەبوو کە لە ئەنجامدا ئەم خەڵکە ڕاگوێز بکات لە خاكو زێدی بابو باپیرانمان وەدەرمان بنێت لێرە کۆمان بکاتەوە بۆ زیاتر پێشێل کردنی مافەکانمان دواتر لە مانگی (6)ی ساڵی 1989 خەڵکی قەڵادزێو سەنگەسەریان هێنایە ئێرە لێرە نیشتەجێیان کردن. ئەم هەموو خەڵکەیان لێرە کۆکردەوە بەبێ هیچ شتێك جگە لە بەرد و خۆڵ هیچی تر نەبووە خەڵکیان هەموو تووشی نەهامەتی کرد و ترسمان لە هەموو شتێك هەبوو دەرهەق بە ئێمە بکرێت لەبەر ئەوەی بەرنامەی ڕژێمی بەعس ئاشکرایە. لە دوای ڕاپەڕینە شکۆدارەکەی بەهاری 1991و ئازادکردنی بەشێکی کوردستان خەڵکی قەڵادزێو سەنگەسەر گەڕانەوە شوێنی خۆیان ئەوەی ماوە تەنیا خەڵکی دیبەگەیە لە بەر ئەوەی دیبەگە بە داگیرکراویی مایەوە خەڵکی بە چاوەڕوانی مانەوە ئێستا خەڵکێکی تریش هاتوونەتە ئێرە لە ئۆردوگاکانی تر وەکو کەورگۆسگ یان ئەوانەی کەم دەرامەتن لە شار هاتونەوکۆمەڵێك خەڵکی تر وەکو گوندەکانی (دێدێو مەلا عومەرو کشافو گامێشتەپە)وە هتد. سەرجەمیان لەم ئۆردوگایە ژیان بەسەر دەبەن.

ژیانو گوزەرانی خەڵك

+ موحسین حەسەن وتی:

سەبارەت بە ژیانو گوزەرانی خەڵك دانیشتوانی ئەم ئۆردوگایە ژیانێکی کولەمەرگی دەبەنە سەر دیارە ئەمەش لە ئەنجامی ئامارکردنی ئەم خەڵکەیە کە ڕژێمی بەعس لە جێگاو بەرژەوەندی خۆیان دەریکردوونو بە زۆریو زۆرداری خەڵك چ کارێك شك نابەن گەر سەرنج بدەی بە سەدان بێکار دەدۆزیتەوە جاران خەڵکێکی زۆر دەچونە سفەیەو مەتران کاری دەکرد سەرەڕای مەترسی زۆر چەند کەسێکیش گیانیان لە دەستدا لەگەڵ شاڵاوی پیاوانی ڕژێم لە ترسان لە ناو ئاو دەخنکان خەڵکێك هەیە ئێستاو پێشووترش هاتوچۆی شاریموسڵ دەکات بۆ هێنانی شتو مەكو سوتەمەنیو ڕۆژانە سوکایەتیان پێ دەکرێت زۆریان ئێستا لە بەندیخانەکانی ڕژێم بەناوی (مهرب) بە چەند ساڵ حوکم دراون هەندێك جار لاوەکان زۆر بە کەمی چەند ڕۆژێك کرێکارییان بەر دەکەوێت بەرامبەر ڕۆژانەیەکی کەم، بۆ نموونە من ئێستا بۆ خۆم کرێکارم سەرپەرشتی نۆژەن کردنەوەی ئەم قوتابخانەیە دەکەم خەڵکی زۆر ڕوومان تێ دەکەن تاکو ڕۆژانەیەکیان بەر کەوێت بەڵام ئێمە ناتوانین کار بە هەموویان بکەین خەڵکێکی زۆر بێبەش دەبێت جێگای ئاماژە پێکردنە زۆر لە خێزانەکان لە بەر کەم دەرامەتی ئافرەتەکانیان ڕەوانەی کێڵگەکان دەکەن بۆ کارکردن بەرامبەر دەسکەوتێکی کەمو لەوانەیە ئێرە بە بەراورد لەگەڵ شوێنەکانی تر باشتر بێت.

قوتابیانو لاوان

+ بێلان ئیسماعیل وتی:

سەبارەت بە قوتابیان نەبوونی بینایەی قوتابخانە گرفتێکی گەورەی ناوەتەوە بینایەی نوێ دروست نەکراوە بۆ قوتابخانەکەی ئەوە نەبێ خۆشبەختانە لە ژێر ڕۆشنایی بەرنامەی نەوت بەرامبەر بە خۆراك (2) قوتابخانە نۆژەن کراوەتەوەو هەروەها نەبوونی مامۆستای پسپۆر ئەمەش گرفتێکی ترە زۆر لە قوتابیان دەچن لە هەولێر دەخوێننوئەگەر بێین سەیرێکی ڕەوشی ژیانی لاوان بکەین لە نێو ئەم ئۆردوگایە ئەتوانم بڵێم لە خراپترینو ناخۆشترین ژیاندا ئەبینرێن. ئەشێ بەراورد نەکرێت لەگەڵ هیچ شوێنو دەڤەرێکی تر. هەڵبەتە ژیانی لاوان لە نێو دێهاتو شاردا جۆرە سیماو تایبەتمەندییەکی خۆی هەیە ئەتوانێت مرۆڤ خۆی لەگەڵدا ڕابهێنێت بەڵام ئۆردوگا بۆ خۆی جۆرە زیندانێکە بە تایبەتی بۆ لاوان سازدراوە. چونکە کاتی خۆی کە ڕژێم خەڵکی بۆ ئۆردوگا زۆرەملێیەکان ڕادەگوێزا بۆ ئەوە بوو خەڵکی بەشێوەیەکی پلە پلە (تدریجی) لەناو بەرێت بە تایبەتی لاوان کە ڕژێم نیازی وابوو بەشێوەیەکی ئەوتۆ دەست بەسەریان بکات بە هیچ جۆرێك دەرفەتی بیرکردنەوەو تەقەلای دژە ڕژێمیان نەبێت.

ئێستاش لەم ئۆردوگایە لاوەکانمان ژیانیان لەلا بۆتە سەراب هیچ جۆرە ڕووناکییەك لە ناخیاندا بەدی ناکرێت سەرەڕای بێ ئومێدی لە بەدیهێنانی خەونە سەوزەکانیان لە ساناترین هۆیەکانی ژیانیان بێبەشن.

من بەش بە حاڵی خۆم بێزاری لاوان لەم ئۆردوگایە لەم هۆیانە دەبینمەوە:

- نەبوونی سەنتەرێکی ڕۆشنبیری کە زۆربەی لاوان لە باوەش بگرێت.
- نەبوونی کارو بژێوی ژیان.
- پەراوێزکردنی ئۆردوگا لەم هەڵمەتەی ئاوەدان کردنەوەیەی کە لە ژێر ڕۆشنایی بڕیاری (986)دا ئەنجام دەدرێت.

لەگەڵ ئەوەشدا لاو وا هەست دەکات تازە حکومەت گرنگی بە ئۆردوگا نادات چونکە ئۆردوگای زۆرە ملێ لە دیدی دەسەڵاتی کوردییەوە پرۆژەیەکی نەگریسی ڕژێمەو ئەم هۆیانەو چەندین هۆی تر وا لەلاوان دەکات کە هەست بە هیچ خۆشیو ئاسوودەییەك نەکەن.

گرفتو کەمو کوڕییەکان

+ ئیسماعیل محەمەد زێنەدین وتی:

دەربارەی گرفتو کەمو کوڕییەکان گەلێك زۆرن ئەگەر بێین بیانژمێرین دیارترینیان ئەم خاڵانەن:

- کارەبا کە پێویسترین خزمەتگوزارییە ئێمە هەتا ئێستا گرفتمان هەیە نە مۆلیدەی کارەبا دانراوە لەگەڵ ئەوەی سەرجەم خەڵك کەم دەرامەتن نە کارەبای (4) ئەمپێری دابین کراوە ئەوەی هەیە بازرگانییە ماڵ هەیە تەنها یەك ئەمپێر کارەبای هەیە کە دەکاتە (35) دینارو ئەگەر (2) ئەمپێریشت هەبێت بەشی موبەریدەو سەلاجە ناکات.
- فەرامۆشکردنی لایەنی تەندروستی ئەم ئۆردوگایە تەنها یەك بنکەی تەندروستی هەیە کەلە ساڵی 1988 ڕێکخراوێکی خێرخواز دروستی کرد ئەمیش وابزانم بەس بۆ ناوی ڕێکخراوەکە بوو چونکە تا ساڵی 2001 هەر دکتۆری نەبوو ئێستاش سەعات (10)ی بەیانی دەرمان تەواو دەبێت.
- دەربارەی ئاوەڕۆی ناو کۆڵانەکانو قیرتاوکردنیان تا مانگی ئایار هەندێك کۆڵان هەیە قوراوی تێدا دەمێنێ پاش مانگی حوزەیرانیش دەبێتە تۆزو خۆڵ دیسان هەر خراپە ئەم کارە هەموو ساڵێك دووبارە دەبێتەوە هەتاکو ئێستا.
- خەڵکی ناوچەکە مەبەستم خەڵکی دیبەگەیە سوودی لەو زەویو زارەی کە چەند جار دابەش کراوە لە لایەن زراعەوە وەرنەگرتووە، جووتیارانی بێ کار ماونەتەوە.
- نەبوونی پەرتوك خانەی گشتی کاتێك لە دیبەگە هاتین پەرتوك خانەیەکی گشتی هەبوو هەر نازانین چی بەسەر هات. لە کۆتاییدا داوا لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەم چاوێك بە ژیانو گوزەرانی خەڵکی دیبەگەدا بخشێنێتەوە لە کەمو کوڕییەکانی بپێچێتەوە چونکە وا دیارە بە ڕێژەی شوێنەکانی تر سوودیان لە بڕیاری (986) وەرنەگرتوە بۆ ئاوەدان کردنەوە.